www.kurdistannet.org
8-3-2003 17:32

# کێ بێ ئەخلاقە، ئەوانەی کە ئاڵای تورك دەسوتێنن یان کۆنە بەعسیەکان؟

کاوە ئەمین



مامۆستا مەسعود محەمەدی نەمر لە شوێنێکدا دەڵێت: ئەگەر لە بەینی گیانداراندا مە زبەتەیەک بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە گۆشت نەخورێت ئەوا ئەوانەی کە کۆشتیان دەخورێت بە هەر دە پەنجەکەیان ئیمزایی دەکەن، بەڵام ئایا کۆشتخۆرەکان ئەم کارە دەکەن؟[1] چەند جوانی فەرمووە. دەڵێی ئەم وتە جوانانەی بۆ ئیمڕۆ نووسیوە، کورد و تورک و حکومەتی باشووری کوردستان و حکومەتی تورکی. ئەگەر تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی باشووری کوردستانی نەکردایە، کەی کوردی باشوور ئاوا بەم شێوە بەربڵاوە کەوتوونە نارەزایی و سەرهەڵدانی سیاسی بەرانبەر بە تورک؟ ئەگەر ئەم سەرهەڵدانە چەندین ساڵ پێش ئێستا سەری هەڵدایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا تورکیا ئاوا داشی سوار نەدەبوو. ئاخر پێشتر هەر دوو منداڵ لە باشووری کوردستان شەریان بوایە، یەکسەر سوپای تورکیا بانگهێشتن دەکرا. ئەوە نیە ئێستا سوپای "ناوبوژیوان"کەری PMF لە کوردستنا دایان کوتاوە و لەگەڵ ئەوەی کە پارتی و یەکیەتی سەرکرادیەتی هاوبەشیشیان دامەزراندووە، ئەوان وەک میوانێکی ڕەزا گران لێی دانیشتوون و باکیان نییە. ئەرێ بۆ کەسێک لێیان ناپرسێت، ئێوە کارتان چییە لێرە؟

کاتێک یەکیەتی بە ئاڵا سوتێنەرانی تورکیایان وت، گێرەشێوێن و نامەسئول و بێ دەنگیان کرد لە خۆپیشاندنەکەی هەولێر و سۆران و ئاکرێ، من وەکو کوردێک ڕەخنەم لێ گرتن و ئەو کارەم بە خزمەتکردنی تورک نرخاند. بەڵام کاتێک ڕۆژنامەی برایەتی بە خەڵکی ولاتپارێز و تورەی هەولێری، کە ئالایی تورکیان سوتاند وت بێ ئەخلاق، ئیتر بە ڕاستی مەسەلەکەیە دەبێت بڵێین ڕەحمەت لە کفن دز. ئەوانەی برایەتی پێیان دەڵێت بێ ئەخلاق، تاجی سەری کورد و وەفادرای شەهیدانن. ئاخر ئەوان باش لە داگیرکەر گەیشتوون و دەزانن سوکایەتی چەند ناخۆشە. ئەرێ برایەتی کاتێک لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی بە ١٥ ساڵ حوکوم دران، تەنها لە بەر ئەوەی کە بەکوردی چەند پەیڤێکیان وت و ڕەنگی (کەسک و سوور و زەرد) یان بردە ناو پەرلەمانی تورکەوە، چەند وتاری نووسی و بە پەرلەمانی تورکیان وت، بێ ئەخلاق؟

ئەرێ برایەتی جارێک لە جاران بە کۆنە بەعسی و فەریکە بەعسیەکانی کوردستانیان وت، بێ ئەخلاق؟کە هەیانە لە ئەوروپاش شانازیی دەکات بەوەی کە وەک مێرمنداڵێک بە عسی بووە و گلەیش دەکات کە بۆ ڕەخنەی لێ دەگیرێت و پێی دەوترێت کۆنە بەعسی و داوا دەکات بە منداڵی خۆی (١٧ ساڵ) ی ببەخشرێت. لە جیاتی ئەوەی کە ڕۆژنامەی برایەتی لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکەدا بوایەو دەیان وتار و گفتوگۆی لەگەل خەڵک و ئەوانەی کە ئاڵایی تورکیشیان سوتاند، بکردایە و بی پرسیایە کە بۆ ئەو کارەیان کردووە، دەبوو بزانن کە گەلی کورد لەچ حاڵەتێکی دەرونی دا دەژی لە کاتێکدا لە چەندین لاوە دەورەدراوە و هەڕەشەیی لێ دەکرێت. تۆ بڵێی تورک و دەڵەتەکەیان بەو سوکایەتیەی کە برایەتی بەخەڵکی دەکات و دەڵێت بێ ئەخلاق، دڵیان ئاو بخواتەوە و عافویان بکات.

ئەرێ برایەتی ڕۆژێک لە بەرەی تورکمانی پرسی بۆ دان نانێن بە حکومەتی کوردستاندا و ئەو ئالا و ڕەسمی ئەتاتورکە چیە هەڵتان واسیووە؟بە ڕاستی بانێکە و دوو هەوا. ڕۆژانە گوێبیستی بەرپرسیارانی پارتی دەبین کە دەڵێن ئەگەر تورک باشووری کوردستان داگیر بکات ئەوا شەڕو پێکدادان ڕودەدات، ئەگەر شەریش ببێت خۆ سەربازانی تورک گولەبەندیان

---

[1] ئەگەر ئەم فەرمودەیەی ماموستا مەسعودم وەکو خۆی نەنووسیبێتەوە، دەبێت ببەخشن، چوونکە سەرچاوەکەم لە بیر نەبوو.

پێ نییه، دەکوژرێن، ئەی ئەو کاته برایەتی چی دەڵێت. سامی عبدولڕەحمان جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان له گفتوگۆیەکدا که ڕۆیتەر بڵاوی کردۆتەوه دەڵێت: "ئەگەر بۆ مان هەبێت له بەینی داگیرکاری تورک و مردندا سەرپشک بین، ئەو دڵنیاتان دەکەمەوه که ئەوەی دواییان واته مردنکه هەڵدەبژێرین". [2] باشه له کاتێکدا که بەرپرسیارانی پارتی هێنده له تورک و سوپاکەی "ناڕەحەت بن" و مردن به ئاوات بخوازن نەک هاتنی تورکیا، بۆ دەبێت برایەتی که لاف و گەزافی ڕۆژنامەی ئازاد و کوردپەروەری لێ دەدات، به خەڵک بڵێ بێ ئەخلاق.

خوا ئەو ڕۆژه نەکات که سوپای تورکیا باشوور داگیربکات، بەڵکو ملی خۆیان بشکێنن و باکووریش به جێ بهێڵن، ئەگەر هەر ڕویشدا بەو هیوایەی که ئەو قسەیەیی که کاک مەسعود جارێک درکانی که وتی "کوردستان دەبێته گۆرستانی سەربازانی تورک" بێته دی و ئەوکاتەش ڕۆژنامەی برایەتی له شەرمەزاریدا بتلیسێتەوه. چونکه ئەگەر تورک باشوور داگیر بکەن ئەوا برایەتی له پێش هەمووانەوه ئاگری تێ بەردەدرێت له لایەن سەربازانی تورکەوه!

منییش وەکو کوردێک دەنگی خۆم دەخەمه پاڵ دەنگی ئەو نووسەر و هەقبێژانەی کورد که دەڵێن: ئەگەر سوتاندنی ئاڵای تورک بەدکاری بێت، ئەوا منیش یەکێکم لەوانه.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینه دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت له ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییه. ٧-٣-٢٠٠٣

[2] ڕۆژنامەی هالان پۆستن HP، ڕۆژیی ٣/٦